# پاسپۆرت

**ئاسۆ حامدی**
**هۆلەند 2007**

پاسەپۆرت لە نێو ڕەوەندە سیاسیەکان لە ئەوروپا بۆتە مۆدەیەکی سیاسی بۆ ناسینەوەی گشت پارتە سیاسیەکان و ناوچەکان و ڕابەرە سیاسیەکان هتد. بەکاردێت.
هەموو شتێ لە دونیادا ناسینەوەیەکی خۆی هەیە. پاسەپۆرت هەموو سیفەتەکانی ئەم مرۆڤە یان ناوچەیە، پارتە سیاسیەکان و هەر مەسەلەیکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دا تیدا تۆماردەکرێت. ئەم پاسۆرتە هەر سیفاتی گشتی ناگرێتەوە بەلکو هەموو سیفاتە کەلتووری و تایبەتیەکانی کۆمەلگاو و پارتە سیاسیەکان دیاری دەکات.
بەکورتی بەرنامەی سیاسی حزبەکانیش لە خۆیان دەگرن. کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی مشخۆرە و حزبیەت چۆتە ناخی ڕەگی هەموان و نەوە دوای نەوە پێ دەناسرینەوە. تەنانەت شوعیەت بوون بۆتە بۆماوە ، جا چ جای ناسیونالیستەکان.

ئەگەر ئەمە لە کوردستان زیاتر بەرجەستە بکەینەوە، پاسپۆرتی ڕەنگاو و ڕەنگ هەیە.
خۆ ئەگەر زیاتر بۆ ناوەوە شۆڕبینەوە ئەوا زۆر شتی عەجایب و غەرائب لە پاسەپۆت دا دەبێ بنوسرێ. فایل و فایلداری و بە پێش دەبابە کەوتن و گوند و شار ویرانکردن و هتد. ئەوەی گرنگە لێرە پێداچوونەوە بە ڕابردووی مرۆڤەکان و رەوتەکانی سیاسی و هەڵوێستەکانیان نیە. بەلکو گرنگ لە ناسینەوە و گشتیەتی تەواوی مەسەلەکانە جا چ مەسەلەی ئینسانەکان یان نەتەوەیەک یان ناوچەیەک بێت.
کاراکتەرەکان لێرەدا گرنگیەکی بە بەهایان هەیە، ئەم کاراکتەرانە هەر ڕابردوو نیشان نادەن بەلکو ئێستا و داهاتووی ناوچەکان، یان حزب و کەسایەتیەکان دەنوێنن.
پاسەپۆرت لیرەدا دۆکیومێنتێکە بۆ گشت ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دەخاتە ڕوو.
لێرەدا گرنگیەتی پاسەپۆرت لە وەدایە کە هەموو سیفاتەکان لەخۆدەگریت. ئینجا هەر کەسێ یان ئەکادیمیەک دەتوانێ بەهۆی پاسەپۆرتەکەوە دەست بەکارەکانی بێت و بەو شێوەیە دەست بەکاربێ کە خۆی پێداویستەیەتی و چۆن دراسەکانی بەڕێوە دەبات و چۆن لێکۆلینەوەکانی و ئامانجەکانی دەباتە پێشەوە.
خۆ ئەگەر زیاتر بۆ تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگا یان پارتە سیاسیەکان بچینەوە یان بۆ پێداویستیەکانی ناوچەکان و تایبەتمەندیەکان بچینەوە ئەوا پاسپۆرت بۆ هەر یەک لەمانە دەتوانێ ڕەگ و ڕیشەی وەزعیەتەکان نیشان بدات و ئاسان و ڕوونتر بکاتەوە.
لێرەدا نامەوێ نموونەی زیندوو و ئۆبجێکتیڤ بێنمەوە بۆ ئەوەی مەسەلەی پاسپۆرت زیاتر ڕوونتر ببێتەوە، بەڵام پێم وایە هەر مرۆڤێ دەکرێ بە پێی ئاستی هۆشیاری خۆی دەتوانێ بە هۆی کاراکتەرکان و هۆیەکان و ..هتد ناسینەوەکان ئامانج و گشت مەسەلەکان بە تایبەتمەند و گشتیەتی ببینێ و مەسەلەکان شیتەڵ بکات. ئەوەی لیرەدا گرنگە هەمووی بە گوێرەی قازانجی و مەوقعیەتی چینایەتی خۆیی و ئامنجەکانی تاکەکەسی مەسەلەکان لیکدەداتەوە و خۆی یەکلادەکاتەوە.
ئەم مۆدەیە لە کۆمەڵگای کوردستاندا خۆی لە پەیڕەوپرۆگرامی پارتە سیاسیەکان دەبینیتەوە. ئەمەش جگە لە ووشەی ڕەنگاو ڕەنگ و پیاهەڵدان و ڕازاندنەوەو کۆسمەتیکا (مکیاج) بۆ شاردنەوەی ڕووی واقعی پارتە سیاسیەکان هیچی تر نین.
ئەوانەی سەرکوتی کۆمەڵانی خەڵک دەکەن شعارەکانیان پڕە لە ئازادی و ئاشتی و برایەتی و هتد. ئەوانەی مافەکانی گەل پێشێل دەکەن بانگەوازی ئازادیەکانی کۆمەل و تاکەکان دەکەن. ئەوانەی نازانن موچەی کرێکاران چەندە دەیانەوێ لە خۆیانەوە موچەی کرێکاران دیاری بکەن بەبێ ئەوەی حسابی هەلاوسانی فینانشێل (دراو) بکەن هتد.
پاسەپۆرتی زۆر لەم پارتە سیاسی و بەڕیوەبەران لە دەسەلاتدا پێچەوانەیە. بەکورتی پاسەپۆرتی ئوریجناڵ و ساختە زۆر زوو بۆ هەمووان لە واقعدا ڕووی ڕاسای خۆی نیشان دەدات.
چەپ لە کوردستان دەتوانێ پاسەپۆرتی خۆی بەیان بکات، زۆر بەکورتی و بە واقعی و لەگەڵ مەسەلەکانی ڕۆژدا مامەڵەی دروست بکات و لە تاکتیک و ستراتیژدا سەرخەتەکانی ئەسڵی خۆی بۆ کۆمەڵگا بەیان بکات.
ئیتحادیە کرێکاریەکان دەتوانن دەخالەتی زیاتر لە ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی بکەن، هەرچەندە کە خۆیان لایەنگر و ئەندامی ئەحزابی دەسەڵات بن. هەلوێستی ڕیکخراوە جەماوەریەکان لەم نێوەدا دەتوانێ پاسەپۆرتێکی دروست بۆ خۆی بنوستەوە.
بەکورتی پاسەپۆرتی مرۆڤەکان و بزوتنەوەکان و ئەحزابە سیاسیەکان و ناوچەکان و ووڵات بۆ هەمووان ڕوونە و ڕەنگەکان و ناوەخنەکانیش تەعبیر لە یەک دەکەن. واقع خەیاڵ لە نێو دەبات، ئەم حوکمەش کۆنە بەس بۆ دووبارەیە.